لەدەفتەری بیرەوەرییەکانم‌دا



# لاپەڕەیەکی پرشنگداری گۆڤاری «زاری کرمانجی»

طلعت مشیر برایم ئاغا دزەیی

دوا بەدوای دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان ، کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییەو ، بۆتە سەرەتایەکی پیرۆز بۆ ڕۆژنامە نووسیی کوردیو ، لە ڕۆژگاری خۆیدا دەورێکی باڵای دیووە لە بواری بلاوکردنەوەی هۆشیاریی ڕامیاریو ڕۆشنبیریی بەنێو کۆمەڵگای کورەواریدا ، لەتەك هەوڵی بەردەوام بۆ چاککردنی باری ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەوسای کوردستان کە بێ سڵکردنەوە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی هانداوە بۆ تێکۆشان دژی ڕژێمە دەسەڵات دارەکانی ئەو سەردەمو . داوای لێکردوون خەبات بکەن لەپێناو گەشە پێکردنی کۆمەڵگای کوردەواریدا ، جوولانەوەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەنێو ڕووناکبیرانی کورددا پەرەی سەندو ، بەرەبەرە هەوڵو کۆششی مەردانەی ئەدیبو شاعیرو ڕووناکبیرانی کوردو ، مرۆڤە نیشتمان پەروەرەکانی ئەو ڕۆژگارە زێدە بووو ، گڕی دڵو دەروونیان زیاتر کڵپەی سەند بەرامبەر بە فەرمانڕەواو دەسەڵاتدارە چەوسێنەرەکانی ئەو سەردەم ، ئیتر هێندەی نەخایاند ، کۆمەڵێك گۆڤارو ڕۆژنامە بە کوردستاندا بلاوبوونەوەو ، هەر یەکەی بەپێی ڕێبازو بارو دۆخی ئەوسای کوردستان هاتوونەتە مەیدانی خەباتو ئەوەی بۆیان کرابێ کردوویانەو لێی نەسڵەمینتەوە ، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە زوربەی هەرە زۆری ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە ، ئەو تەمەنە درێژەیان بەخۆیانەوە نەدیووە تاوەکو بتوانن بەپێی پێویست

ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیانە ئەنجامی بدەن ، جا چ لەبەر باری سیاسی بووبێ ،وەیا لەبەر بێ دەرامەتی و کێشەو گرفتی چاپ و چاپخانەو کادیری لێهاتوو شارەزا بووبێ .

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆڤارو رۆژنامانە بەپێی توانا کەم‌تەرخەمیان نەکردووە لە خزمەت‌کردنی کۆمەڵگای کوردەواری‌داو ، توانیویانە زەمینەیەکی پتەوو لەبار بۆ رۆژگاری دوای خۆیانو ، بۆ داهاتوویش برەخسێننو ، ببنە بەردێکی چەسپاوی نێو بناغەی رۆژنامەنووسی‌ی کوردیمان .

یەکێ لەو گۆڤارە کوردی‌یانەی کە لەسەردەمی خۆی‌دا دەورێکی ئاشکرای بووە لە بلاّوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی‌و رۆشنبیری‌و کۆمەلاّیەتی ، گۆڤاری زاری کرمانجی بووە ، ئەم گۆڤارە یەکەم ژمارەی لە «۱۲»ی - ذو القعدە - ی ساڵی «۱۳۳٤»ی کۆچی ، کە دەکاتە ۲۵ی مایسی ۱۹۲٦ ، لە رەواندز دەرچووە[١] . ئەوەتا مامۆستا دکتۆر کمال مەزهەر لەلاپەرە «۲۳٤»ی کتێبی «تێگەیشتنی راستی‌ی»دا ، ئەو زانیاری‌یانەی کە لە ژمارە «۱۸٦»ی «گۆڤاری هەتاو»ی ئەیلولی ۱۹٦۰و ، لە لاپەرە حەوت‌دا وەری‌گرتوونو ، لە بارەی «زاری کرمانجی»یەوە بلاّوکراوەتەوە دەڵێ :

«لە رەواندز لە «چاپخانەی زاری کرمانجی‌ی» چاپ دەکرا . لەم‌لاو لەولای ناوەکەیەوە نوسراوە : «خاوەنو مدیر سید حسین موکریانی» ، «مدیری ادارە عبدالرحمن» . لەژێری‌یەوە نوسراوە : «گۆڤارێکی اجتماعی تأریخی فني ادبی مانگی‌یە» . زوربەی ژمارە زووەکانی ۲۰ تا ۲٤ لاپەرەنو ئەوانی تر ۱۲ تا ۱٦ لاپەرەن «۲۸×۲۰سم»ە . تا ژمارە ۲۲ی ئەم گۆڤارەم دیوە کە ۳۰ی نیسانی «۱۹۳۰» دەرچووەو «۱٦» لاپەرەیە . بەپێی وتارێکی «هەتاو» ئەم گۆڤارە تا ساڵی ۱۹۳۲ ژیاوەو «۲٤» ژمارەی لێ دەرچووە[٢] . .

وتارەکانی ئەو ۲۲ ژمارەیەی من دیومن هەمەجۆرن (مێژوو ، ئەدەب ، پەخشان ، دەنگوباس . . . هتد)و ناوی کەسیان بەسەرەوە نی‌یە ، یەك دووجار نەبێ کە ناوی (خدۆك)و (داماو) هاتووە . (داماو) نازناوی موکریانی خۆیەتی»[٣] .

**هەر دیسان دوکتۆر کەمال لە لاپەرە «۸۵»ی هەمان سەرچاوەدا دەڵێ :**

(روناکبیری ناسراوی کورد حسەین حوزنی موکریانی بەهەزار ئەمسەرو ئەو سەرو بە کولەمەرگی‌ی «چاپخانەی کوردستان»ی پێکەوە ناکەچی لەگەڵ ئەوەش بە شەش ساڵی رەبەق (لە ۱۹۲٦وە تاوەکو ۱۹۳۲) نەیتوانی زیاتر لە ۲٤ ژمارەی «زاری کرمانجی‌ی» چاپ بکا[٤] . کەس وەك هامیلتن باسی ئەم گۆڤارەو خاوەنی ئەم گۆڤارەی نەکردووە . بەم چەند دێڕەی هامیلتن نیگاری پڕ مانای هەمو ژیانی رۆژنانوسی‌ی کوردی‌ی کێشاوە :

**موکریانی «خۆی بە تەنها وتارەکانی گۆڤارەکەی دەنووسی ، خۆی بەتەنها وێنەکانی دەکێشان ، خۆی بەتەنها لەچاپی دەدانو ئینجا دەشی‌پێچانەوە . ئەمە بۆخۆی نمونەیەکی بێ هاوتایە لەسەر رووی هەموو زەمین»**[٥] .

بەلاّم هامیلتن تەنها ئەوەی لەیاد کردووە کە دەوروبەری ٥۰۰ ساڵ لەمەوبەر کاتێك تازە چاپ لە ئەوروپا داهاتبو زۆر خاوەن چاپخانەی ئەوسای ئەوان وەك موکریانی‌ی سەدەی بیستی ئێمە بون[٦] . وردکردنەوەی ئەمە دواکەوتوی تەنها پێنج سەدەمان دەخاتە بەرچاو[٧] .

لێرەدا بۆمان هەیە بلێین گۆڤاری «زاری کرمانجی»یش وەکو

هەموو گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی یەکانی دیکە ، لەماوەی ئەو شەش ساڵەی دەرچوونی دا ، توانیویەتی دەوری شیاوی خۆی ببینێو ، بە ئامانەتەوە دەنگی دلێری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بچرپێنێتە گوێی فەرمانڕەواو دەسەلاتدارەکانی ئینگلیزو پێیان ڕابگەیەنێ کە گەلی کوردیش وەکو هەموو گەلێکی دیکە حەز بەسەربەستی و ئازادی و ، چارەسەرکردنی کێشەو ئازارەکانی باری ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی خۆی دەکاو ، هەولی زامن کردنی ژیانێکی پڕ لە هێمنی و ئاسوودەگی دەداتو ، بەچاوێکی کراوەو ، بە گەشبینی یەوە دەڕوانێتە پاشەڕۆژێکی بەختەوەر بۆ ڕۆڵە دلسۆزو بەوەفاکانی خۆی . . ئەوەتا ژمارە «٣»ی ساڵی دووەمی ئەم گۆڤارە دەنگێکی زولاڵی هاوولاتی یەکی دەشتی هەولێرو عەشیرەتی دزەیی بلاوکردۆتەوە ، کە بەوپەڕی دلسۆزی یەوە پارێزگاری لە مافی خوێندنو بلاوکردنەوەی زانستو زانیاری دەکاتو ، ئەو بارە نالەبارەی ئەوسای نێو کۆمەلگای کوردەواری ڕوون دەکاتەوەو ، بە ئومێدەوە داوای ئەوە دەکات نەوەی کوردیش بەزمانی زگماکی خۆی مافی خوێندنی هەبێو ، قوتابخانە بۆ ڕۆڵەکانی دابمەزرێو ، جەهالەت نەمێنیو ، مامۆستای شارەزاو لێوەشاوە بۆ قوتابخانەکان دابنرێنو ، شارستانی یەت بە سەرانسەری وولاتدا بلاوببێتەوەو ، وولات لەوێرانکاری ڕزگاری بێ ، میللەت بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێ ، بەلێ ئەوەتا مشیر ئاغای کوڕی برایم ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی دزەیی لەلاپەرە «دوو»ی ئەم ژمارەیەدا داخی دلی هەلڕشتووەو . نووسینێکی بلاوکردۆتەوە بەناوی **«ڕزگاری لە نەزانین»** ، کە تیایدا هەموو شتێکی لەبارەی زانینو خوێندنو مەعاریفدا بەووردی دەستنیشان کردووە ، جابۆئەوەی خوێنەران چاکترلەنووسینە کە حالی بن ، وا دەقی ئەو نووسینەیە ئیملای خۆی بلاو بلاو دەکەینەوە ، پاشان هەر هەمان نووسین دەگوڕینە سەر ڕێنووسی ئێستا ، بۆ ئەوەی سوودی بۆ خوێنەران زیاتر بێو ، بە هاسانی لیی تێبگەن . .

ئەمەی خوارەیش دەقی نووسینەکەیە بە هەردوو شێوەکەیەوە . .

## دەقی نووسینەکە ، کە لە زاری کرمانجی دا بلاوبۆتەوە :

### «رزگاری له نزانین»
### —قسەی راست—

معارف واسطەیە بو ترقی هم بو سعادت. ایمە کە لەم بهریە بی برین هاوارمان بەهیچ لایکا ناگات ، وە ایتر اضمحلال وە محو بونەوەیشمان انکار ناکری . وە هر لەم رووەوە همو روژی بە تریشقەی هەوریکی بەلای ناگهانی وە بە بایی سمومی نەگبەتی پەرشو بلاوبوینەتەوە ، دەنا اسباب اەم خزان عمرە وە مبتلای مان بە اەم علتو افتە هر بی افکاریە . دوبارە اەو قرارە شفیقانەی عصبة الامم کە بومان درابو بیی اتفاقی کە اسباب جهالت وەبی معارفیە میدانی هیچ نوعە تطبیق وە ترویجاتیکی نەدا کە امیش بە اشکرا معلومە وەکو : (بی مکتبی ، لە معارف بەری ، بی تدریسات بەزمانی خومان بی بەری لە حسیاتی میلی) کە اەم دوجهتیش چە بو ترقی وە چە بو امحایی بەتطبیق وەعکسیش طبیعی مأمولە ، اینجا بە ناوی بشریتەوە بو اەوەی کە لە جهلو استبدادی تا ١٣٣٢ دەربچین وە جهالتمان بە مدنیت وە ویرانی وطنمان بە پارەی ولاتی خومان لە آواوە وە ترقی تبدیل کردن بو لەمەولا مەگر بە امید بین اینجا لەو جێگایانەی کەوا لایقو اەلیەقی گوشادی مکتبن بو گوشاد وە بو تعین معلم کە حائز اەم صفتە بن وە بو نەهیشتنی اەو نوعە معلمە قەلپو قلاپانەی کە معکوساً تعلیم وە تربیە بە اولادمان اەکەن . وە بو رغبت بە زمانی دایكو باوکیمان لەو قوتابخانەکان بەیك دلو یك دەنگ هاوار بکەین کە استرحاممان قبول بیی ، معلومەاەو قومی




زاری کرمانجی

- ژمارە ٣ -

ساڵی دووەم

که سری لی شیواو وه‌پاش ‌که‌وتو بی : اسباب بی معارفیه وه ونکردنی زمانی دایك‌و باوکیه‌تی .

بو امه‌ی ایمه‌یش له‌و عداله‌ته‌ی که حکومتی بریطانیا به جهانا بلاوی کردوته‌وه به‌ش دار بین زور به امید بوین . بلام بهم حاله محرومیتمان حملی سر ژیر چه لیفه‌یکی سیاستی بکه‌م نازانم . وا اپاریمه‌وه که له عداله‌ته‌که‌ی ایمه‌یش پش دار ببین .

**کوری ابراهیم أغا**
**رئیسی عشیرتی دزه‌یی**
**مشیر أغا**


رزگاری له نه‌زانین
- قسه‌ی راست -

«لاپەرە : ٢ ، زار کرمانجی
ساڵی دووەم ، ژمارە : ٣»

## ● دەقی نووسینەکە بە ئیملای ئێستا ●

### «رزگاری لە نەزانین»
### -قسەی ڕاست-

مەعاریف واسیتەیە بۆ تەرەقی ، هەم بۆ سەعادەت . ئێمە کە لەم بەهرەیە بێبەرین ، هاوارمان بەهیچ لایەکا ناگات‌و . ئیتر «إضمحلال»و ، «محو» بوونەوەیشمان ئینکار ناکرێ . وەهەر لەم ڕووەوە هەموو ڕۆژێ بە تریشقەی هەورێکی بەڵای ناگەهانی‌و ، بە بایی سمومی نەگبەتی ، پەرش‌و بڵاوبووینەتەوە . دەنا ئەسبابی ئەم خەزانی عومرەو موبتەلاییمان بە ئەم عیللەت‌و ئافەتە ، هەر بێ ئەفکاری‌یە . دووبارە ئەو قرارە شەفیقانەی «عصبة الامم» کە بۆمان درابوو . بەبێ ئیتیفاق کە ئەسبابی جەهالەت‌و بێ مەعاریفی‌یە . مەیدانی هیچ نەوعە «تطبیق»و ترویجاتێکی نەدا ، کە ئەمیش بە ئاشکرا مەعلوومە وەکو : (بێ مەکتەبی ، لە مەعاریف بەری . بێ تەدریسات بە زمانی خۆمان ، بێبەری لە حسییاتی میللی) . کە ئەم دوو جیهەتەیش چ بۆ تەرەقی‌و ، چ بۆ ئیمحایی بە «تطبیق»و ،عکسیش تەبیعی مەعمووله ، ئینجا بە ناوی بەشەریەتەوە بۆ ئەوەی کە لە جەهل‌و ئیستبدادی تا ١٣٣٢ دەربچین‌و . جەهالەتمان بە مەدەنیەت‌و ، وێرانی وەتەنمان بە پارەی وولاتی خۆمان لە ئاواوەو ، تەرەقی تەبدیل کردن بۆ لەمەولا مەگەر بە ئومێد بین .



ئینجا لەو جێگایانەی کەوا لایەق و ئەلیەق گوشادی مەکتەبن بۆ گوشادو بۆ «تەعیین»ی موعەلیم کە «حائز»ی ئەم سیفەتەبن و . بۆ نەهێشتنی ئەو نەوعە موعەلیمە قەڵپ و قلاپانەی کە مەعکوسەن تەعلیم و تەربیە بە ئەولادمان ئەکەن . وە بو رەغبەرت بە زمانی دایك و باوکمان لە قوتابخانەکانا بەیەك دڵ و یەك دەنگ هاوار بکەین کە ئیسترحامان قەبوڵ بیٚ . مەعلومە ئەو قەومی کە سەری لیٚ شیٚواو وەپاش کەوتویٚ ، ئەسبابی بیٚ مەعاریفی‌یەو وونکردنی زمانی دایك و باوکی‌یەتی .

بۆ ئەمەی ئێمەیش لەو عەدالەتەی کە حکومەتی بەریتانیا بە جیهانا بلاوی کردۆتەوە بەشداربین ، زۆر بە ئومێد بووین ، بەلاَم بەم حاڵە مەحرومی‌یەمان حەملی سەر ژێر چ لیٚفەیٚکی سیاسەتیٚ بکەم ، نازانم ! وا ئەپاڕیٚمەوە ، کە لە عەدالەتەکەی ئیٚمەیش بەشدار ببین .

**کوڕی ابراهیم ئاغا**
**رەئیسی عەشیرەتی دزەیی**
**مشیر ئاغا**

## ● مشیر ئاغا کێ‌یە ؟

مشیر ئاغا کوڕی برایم ئاغای کوڕی بایز ئاغای دزەیی‌یە[٨] ، لە ساڵی «١٩٠٠-ز»ی‌دا لە بنەماڵەیەکی خانەدان و ناوداری دزەیی‌یان لە شاری «مەخموور» چاوی بە دونیا هەڵهێناوە .

لە تەمەنی حەوت ساڵی‌دا لە حوجرەی فەقێ‌یان خوێندوویەتی ، دوای ماوەیەك باوکی مەلای تایبەتی بۆ تەرخان کردووە ، بۆ ئەوەی بەچاکی فێری خوێندن و نووسینی زمانی تورکی و عەرەبی ببێت . کە تەمەنی گەییوەتە «١٦» ساڵان ، باوکی ئەرکی هەڵسوڕاندنی کاروباری «گوندی سیاو»ی پێ‌سپاردووە ، لەتەك بەڕێوەبردنی کاروباری زەوی و زارو کشتوکاڵ‌دا ، لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٩١٧دا «حبیب»ی برا گەورەی لە شەڕێکی ناوخۆیی‌دا ، لە گوندی «هێلەوە»[٩] دەکوژرێ ، دوای ئەو کارەساتەو لە سەرەتای ساڵی ١٨١٨دا لەسەر داواکاری باوکی گوندی «سیاو» جێ‌دێڵێ و ، بەرەو شاری مەخموور دەگەڕێتەوە .

دوای سێ ساڵ واتە لە ساڵی ١٩٢١دا برایم ئاغای باوکی کۆچی دوایی دەکات ، کە ئەوسا سەرۆکی عەشیرەت و تێکرای بنەماڵەی دزەیی‌یان بووە ، ئیتر بنەماڵەکە ناچار دەبن کە سەرۆکێکی تازە دیاری بکەن ، ئەڵبەتە سەرۆك عەشیرەتیش بەپێی داب و نەریتی کۆمەلایەتی ئەوسای نێو عەشیرەتەکانی کوردەواری ، دەبوایە پیاوێکی زاناو لێهاتوو بەتواناو دەسەلات‌دار بوایە . .

لەو سەردەمیش‌دا کە پەیوەندی کۆمەلایەتی لەنێو خەڵکی‌دا بەتین بووەو ، گەلێ بنەماڵەیش لەناوچە جیاجیاکان‌دا دۆستایەتی‌یان لەگەڵ یەکتری‌دا بەهێزبووەو ، بەگەرمیش بەشداری غەم و پەژارەی یەکتری‌یان کردووە ، ئیتر کە هەواڵی مردنی برایم ئاغا دەگاتە «مەلا ئەفەندی»[١٠] زاناو ئایینی پەروەری شاری هەولێر ، گورج دەگاتە مەخموورو ، لە ناشتنی تەرمەکەی‌دا بەشداری دەکات و ، بۆ ماوەی هەفتەیەکیش لە تازی‌یەکەدا دادەنیشێ و ، بەشداری غەم و ماتەمینی بنەماڵەکە

دەبێت .

هەر لەبەر ئەوەش کە «مەلا ئەفەندی» پلەو پایەیێکی دیاری لەنێو ئەو بنەماڵەیەدا دەبێت ، ئیتر دەسەڵاتی ئەوەی دەدەنێ کە سەربەست بێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە بۆ عەشیرەتەکەیان ، ئەویش بەپێی شارەزایی خۆی‌و ، دەستوورو داب‌و نەریتی نێو عەشیرەتەکە «خورشیدی بایز ئاغا» دەست‌نیشان دەکاو ، ئەو «عەبا» تایبەتی‌یەی ئەوسا دەخرایە سەرشانی سەرۆك عەشیرەتە هەڵبژدراوەکان ، دەی‌خاتە سەر شانی «خورشید»ی بایز ئاغا . . بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ لە خزمەکانی برایم ئاغا وەکو : «حمدأمین ئاغاو ، حوسێن مەلاو ، رەشیدی حەویز»ی بریار لەسەر ئەوە دەدەن کە «سەرۆکایەتی هەر شایانی مشیری کوری برایم ئاغا»یە ، «خورشید ئاغا» عەبا کە لەسەر شانی خۆی هەڵ‌دەگرێ‌و دەیخاتە سەرشانی «مشیر ئاغا» ، ئیتر هەموو بنەماڵەی دزەیی رەزامەندی خۆیانیان بۆ «مشیر ئاغا» دەردەبرن‌و ، دەبێتە سەرۆکی عەشیرەتەکەیان . .

دوای ئەوەی «مشیر ئاغا»(١١) سەرۆکایەتی عەشیرەتی دزەیی دەگرێتە دەست ، زۆری پێ‌ناچێ حکومەتی بەریتانیا بۆ بەرێوەبردنی کاروباری ناوچەی مەخموور لەساڵی ١٩٢١دا ، «مشیر ئاغا» بە «حاکم»ی ناوچەکە دادەمەزرێنێ .

مشیر ئاغا لەو ماوەی کە بە «حاکم» دادەمەزرێ گەلێ کارو فرمانی چاك ئەنجام دەدا ، لە پێناوی بەرژەوەندیی دانیشتوانی ناوچەی مەخموورو دەوروبەری‌دا ، بە مەبەستی پەرەپێدانی کاروباری خزمەت‌گوزاری لە بواری کشت‌وکاڵ‌و ئاوەدانی‌و رۆشنبیری ، وەکو :

● لە ساڵی ١٩٢٢دا قوتابخانەی سەرەتایی مەخمووری دامەزراندووە .

● زوربەی ئەو باج‌و سەرانەیەی کە لە کاتی خۆی‌دا دەسەڵات‌دارە عوسمانلی‌یەکان بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا سەپاندبوویان ، وە بەتایبەتی جووتیارەکان ، لە سەردەمی مشیر ئاغا کەم کراونەتەوە .

● پرۆژەی چاك‌کردنی رێگای «گەڵی بازارگە»ی ئەنجام داوە ، ئەو رێگایەی لە مەخموورە بەرەو دێهاتەکانی دەورو بەری مەخموور دەکشێ‌و چیای قەرەچووغ دەبرێ ، ئەو رێگایەی کە پێشتر تاکە زەلام‌و کاروان‌چی‌یەکان بەحاڵ پێ‌ی‌دا رەت دەبوون . .

مشیر ئاغا لەو سەردەمەی کە «حاکم» دەبێ ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئینگلیزەکان دایان‌مەزراندووە ، بەڵام گیانی نەتەوە پەروەری هانی دەدا کە داوا لە ئینگلیزەکان بکا ، بۆ ئەوەی گەلی کوردیش وەکو هەموو میللەتانی دیکە مافی چارەنووسی خۆی بێ‌و ، هەژاری‌و نەزانین‌و نەخوێندەواری‌و نەخۆشی لەنێو ریزەکانی کۆمەڵی کوردەواری‌دا نەمینێ ، ئەو کۆسپ‌و تەگەرانەی رێگەی پێشکەوتنی لێ‌گرتووە لاببرێن ، لەزانست‌و زانیاری بێ‌بەش نەبێ ، بەڵام کە ئینگلیزەکان هەست بەوە دەکەن مشیر ئاغا هەستێکی نیشتمان پەروەرانەی لە مێشکدایە ، ئیتر لێ‌ی دەکەونە دوودڵی‌یەوەو گومانی لێ دەکەن ، چونکە ئەوان بۆ مەبەستێکی تایبەتی دای‌دەمەزرێنن‌و ، ئەویش ئارەزووو نیازێکی تری دەبێ‌و ، لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان مەترسی دەیان گرێ ، بەتایبەتی دوای ئەوەی مشیر ئاغا بە ئاشکرا هەوڵی کوشتنی هەندێ لە کاربەدەستانی ئینگلیز دەدا ، بۆیە لە ساڵی «١٩٢٣»دا مشیر ئاغا لە «حاکم»ی دەخەن‌و لای دەبەن . .

مشیر ئاغا پیاوێکی کەڵەگەت‌و لاوچاك‌و شورەسوارو تفەنگ چی‌یەکی‌چاك بووە ، بەردەوام پۆشتەو پەرداخ بووە ، کەوای تاقەو سەڵتەو سوخمەی سوورمەی لەبەر کردووە ، عەبای بەسەر شانەوە بووەو ، هەوریی رەشبەڵەك‌و جامانەی بەسەرەوە بەستووە ، هەردەم دیوەخانی گەرم بووەو ، میوان پەروەرو دەست‌بڵاو بووە ، خەریکی راوو شکاربووەو ، دیمەنی جوانی وولاتەکەی خۆی خوش‌ویستووە . مرۆڤێکی خوێن‌گەرم بووە ، هەر ئەوەیش وای لێ‌کردووە زوو زوو هەڵ

بچیّ ، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا رووگەش‌و قسە خوش بووە ، لەگەلّ هەموو کەسێکدا هەلّس‌و کەوتی کردووە ، پیاوی رۆژی تەنگانە بووە ، دنیا دیدە بووە ، ئاشنایەتی لەگەلّ پیاوە ماقوولّ‌و ناسراوو ئەدیبان‌دا هەبووە ، هەرکەسیّ رووی تیّ‌کردبیّ یارمەتی داوەو ناهومیّدی نەکردووە ، ئەوەتا «مەلاّ هەوایی» لەم بارەیەوە دەلّیّ : .

**تەماشا لەو مشیر ئاغای کەرەم پیشە[۱۲]**
**«قبة البیضاء» لەسەری گۆشتی عەلی‌شیشە**

**هەروەها دەلّیّ :**

ئافەرین بۆ خۆت‌و سفرەو خوانت شەرمەزارە
شێخی «طەی»وشێخی «جربە»و شێخی «فلیت»[۱۳]

لە دەوروبەری سالّی «۱۹۳۰»دا ، لەو کاتەی «فانی»[۱٤] شاعیر لە گوندی «سیاو»[۱۵] مەلا دەبیّ ، مشیر ئاغا ئاشنایەتیەکی خۆشی لەگەلّ‌دا دەبیّ‌و ، گەلیّك خۆشی دەویّ‌و ، زۆر جاریش یارمەتی دەدا ، هەر ئەو پەیوەندی‌و ئاشنایەتی‌یەش وا لە «فانی» شاعیر دەکات ، بە دوو دێڕ شیعر کە بەزمانی تورکی دەبیّ ، داوای «برنجی سەدری» لەمشیر ئاغا بکات ، کە تیایدا دەلّیّ :

**برنجیدر سەلام أولشهاکم أو برنجیدر**
**ایکینجیسن دوعا سیدر ، اوچنجیسن پرنجیدر**

**واتە :**

**یەکەم داوام سەلامە ، بۆ ئەو ناودارە**
**دووەمیان دوعاکردنە بۆ ئەوسەردارە**

**سیّ‌یەمیان برنجەکەیتی ،**

ئیتر مشیر ئاغا لە داواکاری‌یەکەی حالّی دەبیّ‌و ، دەرحالّ سیّ «قەزناغ» برنجی سپی کوتراوی بۆ دەنێریّ .

بەلاّم رەسمی زەمانە هەروا بووە ، مرۆڤ هەرچەند بژیّ‌و تەمەن درێژبیّ ، ئەوە رۆژیّ دیّ لەبەر چاو بزر دەبیّ‌و دەچێتە دونیایەکی دیکە ، ئیتر مرۆڤی نەمر ئەو کەسە دەبیّ کە لەژیاندا کارو کردەوەی چاك بکاو ، لەهەموو هەلّس‌وکەوتێکی زیان‌بەخش بەدوور بیّ‌و ، بۆ بەرژەوەندی گشتی‌ی هەولّ بداو ، هاوبەشی غەم‌و پەژارەی هەژارو لیّ‌قەوماوان بیّ .

مشیر ئاغا دوای ٤٥ سالّی تەمەن نەخۆشی بواری ئەوەی نەداکە لەوە زیاتر بژی ، ئیتر لە ۱۹٤٥/۲/۱۵دا گیانی پاکی سپاردو کۆچی دوایی کرد . .

## ● پەراوێزەکان ●

۱ – کتێبی تێگەیشتنی ڕاستی‌ی‌و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی‌ی کوردیدا – د . کەمال مەزهەر ئەحمەد ، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد سالّی ۱۹۷۸ . لاپەڕە ۲۳٤ . .

۲ – هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ۲۳٤ . لە پەراوێزی ژمارە «۱۱»دا . دوکتۆر کەمال لەبارەی سەرجەمی ژمارەکانی «زاری کرمانجی‌ی»یەوە . سوودی لەو زانیاری‌یە وەرگرتووە کە لە گۆڤاری «هەتاو» ، ژمارە «۱۸٦»ی ئەیلوولی ۱۹٦۰و ، لە لاپەڕە «۷»دا بلاّوکراوەتەوە . ئەویش لە پەراوێزدا پەنجەی بۆ کێشاوە .

۳ ـ داماو : سید حسێن حوزنی موکریانی‌یە ، کە لە نووسین‌و بلاّوکردنەوەدا نازناوی داماوی دەنووسی .

٤ – کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی‌ی . لاپەڕە «۸۵» . مامۆستا د . کەمال لە پەراوێزدا دەلّیّ :

«یەکەم ژمارەی گۆڤاری «زاری کرمانجی‌ی» حوزەیرانی سالّی ۱۹۲٦ بلاّوکرایەوە» . کەچی لە هەمان سەرچاوەو ، لەلاپەڕە «۲۳٤»دا ، نووسراوە : «ژمارە یەکی : ۱۲ی «ذو القعدە»ی ۱۳۳٤ ، ۲۵ی مایسی ۱۹۲٦ .

بەو پیّ‌یە دەبیّ یەکەم ژمارەی لە کۆتایی مانگی مایس‌دا چاپ‌کرابیّ‌و ، لە سەرەتای مانگی حوزەیران‌دا بلاّوکرابێتەوە .

کەچی مامۆستای خوالیّ‌خۆش‌بوو «علاءالدین سجادی» لە چاپی دووەمی «مێژووی ئەدەبی کوردی»دا لە لاپەڕە «٦۱۳»دا دەلّیّ :

«۱٦– «زاری کرمانجی» گۆڤارێکی کۆمەلاّیەتی ، تاریخی‌و ئەدەبی کوردی بووە ، لەلایەن خاوەنەکەیەوە سید حسین حوزنی موکریانی یەکەم ژمارەی لە حەزیرانی ۱۹۲٦ کە ۱۲ی ذیلقعدەی ۱۳٤٤ هجری ئەگرێتەوە .

لە ڕواندز دەرچووە تا ۱۹۳۲ . ناو بەناو ئەم گۆڤارە نزیکەی «۳۰» ژمارەیەکی لیّ دەرکردوە» .

هەر لەم ڕووەوە کاك «جمال خەزنەدار» لە «رابەری ڕۆژنامەگەری‌ی کوردی»داو . لە لاپەڕە «۳۳»دا ، دەلّیّ :

«زاری کرمانجی . گۆڤارێکی کۆمەلأیەتیو ئەدەبیو مێژوویی‌و فەنی بووە . لە ڕواندز لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانی‌یەوە «٢٤» ژمارەی لیٚ دەرچووە . دوا ژمارەی لە ساڵی ١٩٣٢دا دەرچووە .» .

هەروەها دەڵیٚ : «ئێمە چەند ژمارەیەکیان لی‌ٚی دیوە . چاومان بەهەر «٢٤» ژمارەی نەکەوتووە . هەرچەندە داوامان لە گیوی موکریانی کاکی حوزنی کرد کە یارمەتیمان بدا . بەلأم هیچ یارمەتی‌یێکی نەداین . بەڵکو داوای کرد ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی خۆیو کاکی دەریان کردووە باس نەکرێن» .

بەلأم کاك «جمال خەزنەدار» لە لاپەرە «١٤٧»ی هەمان سەرچاوەدا لە ستوونی سێیەمدا دەڵیٚ :

«وە لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٢ . ٣٢ ژمارە لە گۆڤاری زاری کرمانجی دەرکردووە .» .

بەم جۆرەو . بەپیٚی ئەم زانیاری‌یانەی کە لەو سەرچاوانەی سەرەوەدا هاتووە . بۆمان دەردەکەویٚ کە تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە گۆڤاری زاری کرمانجی چەند ژمارەی لیٚ دەرچووە . ئەڵبەتە شاغ‌کردنەوەی ئەم خاڵە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی بنەماڵەی موکریانی . چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوان لە کەسانی دیکە شارەزاترنو . بابەتی ئەم باسەی ئێمە نی‌یە .

5 – A. M. Hamilton. Road through Kurdistan. The Narrative of an Engineer in Iraq. London. 1937. PP. 122–123, 237.

ئەم پەراوێزە دوکتۆر کەمال لە «تێگەیشتنی ڕاستی‌ی»دا ژمارە «١٠٨»ی داوەتیٚو . یەکێکە لەو سەرچاوانەی سوودی لیٚ وەرگرتووە .

٦ – جون لك . م . روذنشتين . اختراع الطباعة . «تأريخ العالم» المجلد الخامس – ص ٦٤٧-٦٤٩ .

ئەمەیش پەراوێزی ژمارە «١٠٩»ی کتێبی «تێگەیشتنی ڕاستی‌ی»یە . کە نووسەر سوودی لیٚ وەرگرتووە .

٧ – کەمال مەزهەر ئەحمەد – تێگەیشتنی ڕاستی‌ی لاپەرە «٨٥-٨٦» .

٨ – دزەیی : ئەو بنەماڵەیەن کە ڕۆڵەکانی کاتی خۆی لە «دزە»ی گەورەی سەر سنوری نێوان وولأتی عیراقو ئێرانو تورکیادا دانیشتوون . قەرەنی ئاغای گەورە لە دیٚی دزەوە هاتۆتە ناوچەی هەولێر . هاتنەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ پێش زەمانی دەسەلأتداریەتی میر محەمەدی گەورە کە لە ڕەواندوز فەرمان ڕەوا بووە . ئەو بنەماڵەیە لەسەرەتادا بە کۆچەری‌یەوە خەریك بوونە . بەلأم نزیکەی ١٠٠ تا ١٥٠ ساڵێك دەبیٚ وازیان لە کۆچەری هێناوەو لە دەشتی هەولێر ، لە ناوچەکانی «قوشتەپەو قەراجو کەندیناوەو . شەمامك» . نیشتەجیٚ بووینەو . لە دێهاتەکانی ئەم ناوچانەدا بوونەتە خاوەنی مەڕو ماڵأتو . کشت‌وکاڵیان کردووە . لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە دێهاتەکانیان جیٚ‌هێشتووەو هاتوونەتە نێو شاری هەولێرەوە . . نەوەی قەرەنی ئاغای گەورە ، چوار بەرەبابی لیٚ کەوتۆتەوە کە ئەمانەن : «بەرەبابی بایزی . بەرەبابی ماڵی فارس ئاغا ، بەرەبابی ماڵی پاشا . بەرەبابی ماڵی کاکە خان»ی . کە ئەمانە هەموویان لە ڕەچەڵەکدا دەگەڕێنەوە بۆ شەر قەرەنی ئاغای گەورەو . لەنێو خەڵکیش‌دا بە وەجاغی قەرەنی ئاغا ناو دەبرێن . سەرۆکایەتی گشتی‌یان دەمێکە لەنێودا نەماوە .

ئەمە جگە لەوەی کە هەر بەرەبابێك لەوانەی کە لەسەرەوە ناومان بردوون سەرۆکی تایبەتی خۆیانیان بووە .

٩ – گوندی هێلەوە : سەر بەناحیەی قوشتەپەیە لە پارێزگای هەولێرو . یەکێکە لە گوندەکانی بنەماڵەی برایم ئاغا .

١٠ – مەلا ئەفەندی : ناوی ئەبوو بەکری کوڕی حاجی عومەری کوڕی ئەبوو بەکرە . نازناوی «کوچك مەلا» بووە . لە ساڵی «١٢٨٠»ی کۆچی لەشاری هەولێر هاتۆتە دونیاوە . لە مزگەوتی گەورەی قەلأی هەولێر ، لەلای باوکی خوێندوویەتی . مەلا ئەفەندی پیاوێکی زاناو لێهاتوو ئایین پەروەر بووە . تەنانەت لە دەرەوەی وولأتی عیراقیش‌دا بەناوبانگ بووە . گەلیٚ زانای گەورەی ئایینی لەسەر دەستی ئەم زاتەدا ئیجازەی ئایینیان وەرگرتووە . وەکو : «شێخ مستەفای نەقشبەندی ، وهبة‌الله أفندي – «موفتی قەسر» . مەلا عبداللەی مەریوانی . سعید عبدالله ئەفەندی موکریانی . عبدالفتاح ئەفەندی شوانی . شێخ محمدی خاڵ . حاجی مەلا صالحی کۆزەپانکەییو زۆرانی تر . .» .

ئەم زاتە مەزنەیش لە ساڵی ١٩٤٢دا بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردووە .

١١ – مشیر ئاغا یەکێك بووە لە سەرۆك عەشیرەتەکانی دزەیی . ٤٥ ساڵ ژیاوە . ماوەیەك «حاکم»ی ناوچەی مەخموور بووە . لە ساڵی ١٩٤٥دا کۆچی دوایی کردووە . ئێستا برایەکی ماوە بەناوی هاوار ئاغا . ئەمە جگە لە کوڕو نەوەکانی کە لە شاری هەولێردا دادەنیشن .

١٢ – ئەم دوو دێرە شیعرە «مەلا هەوایی» گوتوویەتیو . دەماودەم بەنێو خەڵکیدا بلأوبوونەتەوە ، منیش کاتی خۆی لە «حاجی قادر مصطفیو . لطیف اسماعیل قورچی»م بیستووەو ، تۆمارم کردووە . بەلأم ئەم دوو زاتە ئێستا لە ژیاندا نەماون .

١٣ – ئەمەیش هەر دیسان «مەلا هەوایی» گوتوویەتیو . دەماودەم بلأوبوونەتەوە . دواجار لە «خورشیدی حەسەنە ڕەشم» وەرگرتووە . کە هاوچەرخی مشیر ئاغا بووەو . مەلا هەوایی» دیوە . ئەم زاتەیش واتە «خورشید» خەڵکی مەخموور بووەو . لە ساڵی ١٩٨٤دا کوچی دوایی کردووە .

١٤ – مەلا حسێن شێخ سەعدی – دیوانی شیعر – کۆکردنەوەی «بشیر حسین سعدی» . چاپخانەی ڕۆشنبیریو لاوان – هەولێر – ساڵی ١٩٨٤ . لاپەرە / ٢٧ .

١٥ سیاو : گوندی مشیر ئاغایەو . دەکەوێتە ناحیەی قوشتبە . کە سەر بە پارێزگای هەولێرە .

## ● سەرچاوەکان ●


● د . کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی‌یو شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی‌ی کوردیدا لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – ١٩٧٨ . ل : ٨٥ . ٨٦ . ٢٣٤ . .

● مێژوی ئەدەبی کوردی – علاءالدین سجادی . چاپی دووەم ١٣٩٠ھ-١٩٧١م . بەغدا – چاپخانەی معارف – لاپەرە ٦١٣ . .

● جمال خەزنەدار ، ڕابەری ڕۆژنامەگەری‌ی کوردی – دار الحرية للطباعة – مطبعة الجمهورية ، بغداد ، وەزارەتی ڕاگەیاندن – کارگێری‌ی گشتی ڕۆشنبیری‌ی کوردی ١٩٧٣ ، لاپەرە «٣٣ ، ١٤٧» . .

● گۆڤاری زاری کرمانجی . ساڵی دووەم – ژمارە «٣» . لاپەرە «٢» .

● زبیر بلال اسماعیل – علماء ومدارس في أربيل چاپخانەی «الزهراء موصل» لاپەرە «٣٢-٣٥» .

● مەلا حسێن شێخ سەعدی – دیوانی شیعر ، کۆکردنەوەی بشیر حسین سعدی – چاپخانەی ڕۆشنبیریو لاوان – هەولێر ، ساڵی ١٩٨٤ . لاپەرە – «٢٧» . .


* * *


• – پڕ بەدڵ سوپاسی دوکتۆر کوردستانی موکریانی دەکەم کە دڵسۆزانە گۆڤاری زاری کرمانجی خستە بەردەستمو . ئەم ماوەیەی بۆ ڕەخساندم کە ئەم باسەی لیٚ هەڵێنجم .

• – هەروەها سوپاسی کاك ممتاز حەیدەری دەکەم کە ئەویش لەم ڕووەوە یارمەتێکی چاکی دام .